

# ڕۆژنامەگەری لە کوردستان بڤڤڤڤە دەکرێت




لێگەڕێن با یاسای ڕۆژنامەگەری لە پەڕلەمانی هەڵنەبژێردراو بڕیاڕی لەسەر بدرێت و پەسند بکرێت ، بۆ ئەوەی کەس لەو دەسەڵاتدارنەی هەرێمی کوردستان شانازی نەکەن بە ئازادی ڕۆژنامەگەری . ئەو انە هەردەم باسی ئەو ئازادی یە فرەوانە دەکەن و باسی رژێمی [فاشی سەدامی گۆڕبەگۆڕ چوو] دەکەن کە چۆن دژی ئازادی و دیموکراسی بوو . ئەی ئەو کەلەپچە و ئەو هەمووە جەزا[سزا] و لێپرسینەوە و تاوانبارکردن و ئەشکەنجە دانە لە فەرهەنگی پەرلەمانی هەرێم مانای چی دەبەخشێتەوە . ئەو هەموو ملیون جەزایە[سزایە] بۆ گیرفانی کێ شۆڕ دەبێتەوە. بۆ ڕۆژنامەنووس مانگانە چەندی ئەو ملیونە دینارە لف دەدات ، هەروەکو ئەندامانی پەرلەمان لفی دەدەن . لە ماوەی

**رابوردوو ئەندامانی نوستووی پەرلەمان داوای زیادبوونی مانگانەی خۆیان کردبوو بۆیە ئەرکی سەرشانی رۆژنامەنووسانە ئەو پارەیە ویر بکەن بۆ ئەووەی مانگانەی ئەو ئەندامە فەقیرانە دەربچێت و زیادتر بکرێت . ئەو کوردستانە هەر چەند ئازادی ی فرەوان بکرێت لەژێر دەسەڵات و چاودێری ئەو دوو زلحیزبە باری رۆژنامەگەری تەسکتر دەبێتەوە و رۆژ بە رۆژ دیکتارۆریەتی دەسەڵات زیاتر دەبێت . ئەو هەموو رۆژنامەنووسەی لە کوردستان قورقوشمیان لەدەم دەکرێت و قەڵەمیان دەترسێنرێت ، لە کامە جێگای تر بەو شێوویە رەفتاریان لەگەڵ دەکرێت . ئازادی رۆژنامەگەری تاقە یەک ئاواتە بۆ ئەووەی ئەو میللەتە هۆشیارتر بێتەوە نەک مێشکی ئەنفال بکرێت و ووشە و پەیڤی لێ بڤە بکرێت . هەردەم قەڵەمی راستگۆ نەمرە و بوێرە .**

فەهد گردەوانی 2007/12/13ستۆکهۆڵم